# ئامۆژگاری زانای بەناوبانگ ابن تەیمییە بۆ قوتابیان ومامۆستایان

م/ عبدالكريم محمد قادر
پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

پاشان: پێویستە قوتابی مەبەستی لە فێربوونەکەی تەنها بۆ ڕەزامەندی خودابێت، لەسەر مامۆستاش پێویستە ئامۆژگاری خێری ببێت بۆ قوتابییەکەی وە هەوڵی لەگەڵدا بدات بەچاکی شارەزای بکات، لەسەر قوتابیش پێویستە ڕێزی مامۆستاکەی بزانێت وسوپاسی بکات لەسەر چاکەکانی لەگەڵیدا، چونکە هەر کەسێك چاکەی خەڵکی لەبەر چاو نەبێت وسوپاسی نەکات بەدڵنیاییەوە سوپاسی خوداش ناکات.

پێویستی سەرشانی مامۆستایانە کە یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر چاکەو کاری باش هەروەکو پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:

(المسلم أخو المسلم لايسلمه ولايظلمه)[1].

واتە: موسڵمان برای ئایینی برای موسڵمانێتی بۆیە نابێت برای موسڵمانی خۆی تەسلیمی دوژمن بکات، وەنابێت ستەم لەبرای موسڵمانی خۆی بکات بەهیچ شێوەیەك.

وەفەرموویەتی:

(مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد إذا اشتكى

---

(١) (البخاري: ٢٤٤٢، ومسلم: ٢٥٦٤).

منه عضو تد اعى له سائر الجسد بـــالحمى والسهر)[٢].

واتــە: نمونــەی تــەواوی بــاوەڕداران لــە خۆشەویستی وبـەزەیی ودڵسۆزییان بـۆ یــەکتری وەکــو یــەك لاشــەن، کاتێــك ئەندامێك لە ئەندامەکانی لاشە ئازاری پــێ بگـات هـەموو ئەندامـەکانی تـری لاشـەی هاوبەشی ئازارەکەی دەبن.

وەفەرموویەتی:

(والذي نفسي بيده لايؤمن أحدكم حـــتى يحب لأخيه من الخير مايحب لنفسه)[٣].

واتـە: سوێند بـەو خودایـەی کـە نەفسی منـی بەدەسـتە هـیچ کەسێکتان بـاوەڕی تـەواوی نییـە تـاکو ئـەوەی پێـی خۆشـە لـــەخێرو چـــاکە بـــۆ خـــۆی بـــۆ بـــرای باوەڕداریشی پێی خۆش نەبێت.

بۆ هیچ مامۆستایەك دروست نییە ئـازاری مامۆســتایەکی تــر بــدات نــە بەقــسەو نەبــەکردار بەناحــەق، هــەروەکو خــودای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُــؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ [الأحزاب: ٥٨] .

واتە: ئەوانە کەئازاری پیـاوانی بـاوەڕدارو ژنانی بـاوەڕدار ئـەدەن بـۆ ئـەوەی هـیچ تاوانێکیان کردبێت بێگومان ئەوانـە درۆو بوختان وگوناهی گەورەیان هەڵگرتووە.

ئەگــەر کەســێك تاوانێــك ئــەنجام بــدات دروست نییـە سـزا بـدرێت بەسـزایەك کـە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بێت، بۆ هـیچ مامۆســتایەك نییــە کەســزای بــدات بــەو شـێوەیەی کـەپێی خۆشـە ونابێـت هـیچ کەسێکیش یارمەتی بدات.

بــۆ نمونــە: مامۆســتایەك بیــەوێت قــسە دابڕێت لە کەسێك بێ ئەوەی ئەم کەسـە هیچ گوناهێکی کردبێت. ئەم قسە دابڕینە بـەم شـێوەیە وەکـوکرداری ســەرکردەی جولەکـەو گـاورو پێـشەوا گومڕاکانـە کـە ئــــەنجامی ئــــەدەن لەگــــەڵ شــــوێن کەوتووەکانیاندا.

پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی:

(لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق)[٤].

واتە: گوێڕایەڵی هیچ کەسێك ناکرێت لەبێ فەرمانی کردنی خوادا.

---

(٢) (البخاري: ٦١١، ومسلم: ٢٥٨٦).

(٣) (البخاري: ١٣، ومسلم: ٤٥).

(٤) (رواأحمد عن عمران بن حـصين i ، وصـححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٢٠).

بەڵام ئەگەر ئەو کەسە گوناهێکی کردبێت بەگوێرەی گوناهەکەی سزا ئەدرێت و لێی زیاد ناکرێت، هەروەها بۆ مامۆستایان دروست نییە خەڵکی پەروەردە بکەن لەسەر حیزبایەتی کە هۆکاری دروست بوونی دوژمنایەتی و ڕق وکینەیە لەنێوان خەڵکیدا.

بۆ هیچ مامۆستایەك دروست نییە پەیمان لە کەس وەربگرێت تاگوێڕایەڵی بکات بەو شێوەیەی کە مامۆستاکەی مەبەستێتی، یان دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێك بکات کەدۆستی مامۆستاکەیەتی، وە دژایەتی کەسانێك بکات کە مامۆستاکەی دوژمنایەتی ئەکات، بەڵکو لەسەر مامۆستایان وقوتابیان پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ¢ کرداریان بەگوێرەی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بێت ¢ قەدەغەکراو لایان قەدەغە کراوەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی بێت ¢ ، ئەگەر مامۆستایەکیان ستەمی لێ کرابوو هەوڵ بدات بۆ سەرخستنی، بەڵام ئەگەر مامۆستایەکیان ستەمکاربوو نابێت پشتگیری لێ بکات لەسەر ستەم کردن، بەڵکو ئەبێت دەستی بگرێت بۆ ئەوەی ستەم نەکات، وەکو پێغەمبەرمان ¢ فەرموویەتی:

(انصر أخاك ظالما أو مظلوما ، قالوا يا رسول الله هذا ننصره مظلوما فكيف ننصره ظالماً؟ قال: تأخذ فوق يده)[٥].

واتە: براکەت سەربخە ئەگەر ستەمکاربوو یان ستەم لێکراو بوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ¢ ، سەری ئەخەین و پشتگیری ئەکەین ئەگەر ستەم لێکراو بوو، ئەی چۆن پشتگیری لێ بکەین ئەگەر ستەمکار بوو؟ فەرمووی: دەستی بگرن بۆ ئەوەی ستەم نەکات .

ئەگەر لە نێوان مامۆستایەك و مامۆستایەکی تردا، یان لەنێوان قوتابییەك وقوتابییەکی تردا، یان لەنێوان مامۆستایەك وقوتابییەکدا کێشە و ناکۆکییەك دروست بوو، دروست نییە یارمەتی هیچ لایەنێکیان بدرێت تاکو نەزانرێت کامیان لەسەر حەقە، تا بەنەزانین وهەڵە یارمەتی نەدرێت، ئەگەر بۆی دەرکەوت خاوەن حەق کێیە یارمەتی

(٥) (رواه البخاري: ٢٤٤٤، ومسلم: ٢٥٨٤).

ئەدات تا حەق سەربكەوێت، جایەكسانە خاوەن حەق دۆستی خۆی بێت یان دۆستی كەسێكی تر بێت، وە هەروەها یەكسانە كەناحەق دۆستی خۆی بێت یان دۆستی كەسێكی تر بێت، چونكە مەبەستی پەرستنی خودایە بەتەنهاو شوێنكەوتنی پێغەمبەرەكەی ﷺ، وە شوێنكەوتنی حەق و ئەنجامدانی دادپەروەری، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ [النساء: ١٣٥] .

واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە بەدادپەروەری هەڵسن بۆ ئەنجامدانی كاری خەڵكی، بە شێوەیەك هیچ كاتێك ستەمتان لێ نەوەشێتەوە، هەمیشەش شایەتی لەسەر حەق بدەن بۆ خودا، ئەگەرچی ئەو شایەتییەش بە زیانی خۆتان و دایك وباوك و خزمانیشتان بێت، دەبێ ئێوە بەبەردەوامی جێ بەجێی بكەن بێ لادان، ئەگەر شایەتی بۆدراو دەوڵەمەند بێت یان هەژار، دڵنیابن خودا باشترە بۆیان لەئێوە، چونكە خودا خۆی چاك ئەزانێ بەرژەوەندییان لەچیدایە، كەواتە مەكەونە شوێن هەواو ئارەزووتان تا لەحەق لابدەن، با خزمایەتی واتان لێ نەكات شایەتی حەق بشارنەوە، وە لەشایەتی داندا بەناحەق شایەتی مەگۆڕن، هەروەها خۆتان لەشایەتی دان مەبوێرن وپشتی تێ هەڵمەكەن، چونكە بەڕاستی خودا زۆر ئاگادارە بەقسەو وتەو كردەوەكانتان و هیچی لێ وون نابێت، كەواتە: تەنها لەبەر خودا شایەتی بدەو لەبەر دەوڵەمەندی كەسێك یان لەبەر هەژاری كەسێكی دیكە شایەتییەكە مەشێوێنە.

هەر كەسێك پشتگیری براكەی بكات جا ئەگەر حەق بۆ ئەو بێت یان حەقی خەڵكی لەسەر بێت ئەوە بە حەقیقەت حوكمی كردووە بەحوكمی جاهیلییەت و لە حوكمی خوداو پێغە ﷺ دەرچووە.

پێویستە مامۆستایان وقوتابیان و یەك دەست بن بۆ سەرخستنی حەق بەسەر ناحەقدا، بەڕێز لایان كەسێك بێت كە لای خودای گەورە بەڕێزە وەكەسێك پێش

خۆیان بخەن کە خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ پێشی خستبێ، وەکەسێکیان خۆش بوێت کەلای خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ خۆشەویست بێت .. وەهەروەها بێ ڕێز لایان کەسێك بێت کە لای خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕێزی نەبێت، تەنها ڕەزامەندی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ بەهەند بگیرێت، ئەمە ئەو بنچینە سەرەکییەیە کەپێویستە لەسەری بن ئەو کاتە هیچ پێویست ناکات خۆیان پارچە پارچە بکەن بۆ چەندین حزب، چونکە خودای گەورە دەفەرمووێ:

﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ [الأنعام: ١٥٩] .

واتە: بێ گومان ئەو کەسانەی کەدینی خۆیانیان پەرت وبڵاو کردو بوونە چەند دەستەو حیزبێکی جیاوازو لێکترازاو پێویستە تۆ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لەوان نەبی.

وە خودای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [آل عمران: ١٠٥] .

واتە: ئێوەی موسڵمان وەك ئەو جولەكەو گاورانە مەبن، کە دوای چەندین بەڵگەو نیشانەی ڕوون کە بۆیان هات پارچە پارچە بوون و دووبەرەکییان تێ کەوت ودژی یەکتری وەستان ئەوانە سزایەکی گەورەو گرانیان بۆ هەیە، چونکە پارچە پارچە بوون وحیزبایەتی کردن پێچەوانەی فەرمانەکەی خوداو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ .

پێغەمبەری خۆشەویستمان فەرموویەتی:

(فترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، فواحدة في الجنة، وسبعون في النار، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، فاحدى وسبعون في النار وواحدة في الجنة، والذي نفس محمد بيده لتفترقن أمتي على ثلاث وسبعين فرقة، فواحدة في الجنة ، واثنتان وسبعون في النار)(٦).

واتە: جولەکە دینەکەیان شێواندو بوونە حەفتاو یەك کۆمەڵ، یەك دەستەیان جێگەی بەهەشتەو حەفتا دەستەیان جێگەی دۆزەخە، گاوریش دینەکەیان شێواند و بوونە حەفتاو دوو کۆمەڵ،

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ١٠٨٢).

حەفتاو یەك دەستەیان لەناو ئاگردایە، یەك دەستەیان لەناو بەهەشتدایە، سوێند بەو خودایەی کەنەفسی محمدی ﷺ بەدەستە ئوممەتەکەی منیش دینەکەیان ئەشێوێنن و دەبنە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە، یەك دەستەیان لەبەهەشتدایە، حەفتاو دوو دەستەیان لە ئاگردایە، جا تەنیا ئەوانەیان بەهەشتین کەلێك ناترازێن، پێکەوەکار ئەکەن لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە من و هاوەڵانمی لەسەرە.

بۆ هیچ مامۆستایەك نییە کە پەیمان لە قوتابییەکەی وەر بگرێت و پێی بڵێ نابێت بە هیچ شێوەیەك لە قسەی من دەربچیت، ئەم کارەی لە داهێنراوەکانی سەردەمی نەفامێتی‌یە کەبە حەق و ناحەق پشتگیری یەکتریان دەکرد، بۆ هیچ مامۆستایەك نییە بە قوتابییەکەی بڵێ: نابێ لای هیچ مامۆستایەکی تر بخوێنی وزانیاری لێ وەربگریت ئەگەر ئەو مامۆستایەی تر خاوەنی بیروباوەڕێکی پاك بێت و لەسەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام بێت، هەروەها بۆ هیچ قوتابییەك دروست نییە سپڵەو بێوەفا بێت و چاکەی مامۆستای پێشووی لەبەر چاو نەبێت، بەڵکو ئەگەر قوتابییەك زیاتر لەمامۆستایەکی هەبوو، پێویستە مافی هیچ مامۆستایەکی نەفەوتێنێت، بەبێ ئەوەی دەمارگیری بۆ هیچ مامۆستایەکی هەبێت، بەڵام ئەگەر زانیاری لەمامۆستایەکی زیاتر وەرگرتبێت، ئەبێت زیاتر چاودێری مافی ئەم مامۆستایەی بکات .

تەنها شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کۆیان بکاتەوە، وە تەنها داهێنراوەکان جیایان بکاتەوە، تاکو بەڕاستی گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بکەن ﷺ پەرستنیان تەنها بۆ ڕەزامەندی خودا بێت و گوێڕایەڵیان بەگشتی و بێ جیاوازی لەنێوانیاندا تەنها بۆ پێغەمبەری خودا بێت ﷺ .

گومانی تێدا نییە ئەگەر لەسەر ڕەوشتی نەفامی بن وەکو ئەوەی هەر کەسێك مامۆستایەکی شتێکی فێر کرد ئیتر پشت بکاتە مامۆستایەکی پێشوو تری ئەم کردارە کە ئەم قوتابییە ئەنجامی داوە ستەمکارییەو تاوانەو گوناهبارییە، ئەم کردارەی پیسەو حەرامەو وەکو گۆشتی

بەرازی مردووە، لەبەر ئەوەی پەیمانی خوداو پێغەمبەرەکەی ¢ شکاندووە و کەسێکی فێڵبازەو هیچ پەیمان ودین ووەفای نییە، لەسەردەمی نەفامی دا کەسانێك هەبوون پەیمانیان ئەدا بە هۆزێك دوای ئەم پەیمانە ئەگەر هۆزێکی تریان دەست بکەوتایە بەهێزتر بوایە لە هۆزی پێشوو، پەیمانی یەکەمیان هەڵئەوەشاندەوەو پەیمانیان لەگەڵ هۆزی بەهێزتردا دەبەست، پاشان ئەم ئایەتانە هاتە خوارەوە کە دەفەرمووێ:

﴿وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلَا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنْكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ أَنْ تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللَّهُ بِهِ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ [النحل: ٩١-٩٢] .

واتە: کاتێك پەیمانتان بە الله دا بۆ کردنی هەر کارێك بەڕێك و پێکی جێ بەجێی بکەن، سوێندو پەیمانتان بەتاڵ مەکەنەوە دوای ئەوەی بڕیارتان داوە جێ بەجێیان بکەن، بێ هۆی شەرعیش هەڵی مەوەشێننەوە، بەتایبەتی کەخوداتان بەچاودێری خۆتان داناوە، دیارە کەخودا ئاگای لەکردەوەکانتان هەیە، وەکو ئەو ئافرەتە مەبن کە هەموو کات ڕێسەکەی لەپاش گرژی وڕێسان خاو دەکردەوەو کوت کوتی دەکرد، واتە: پەیماندان بەتووندی پاشان هەڵوەشاندنەوەی بەبێ هۆی شەرعی وەکو کاری ئەو ئافرەتە وایە، جائێوەی موسڵمان خاوەنی قسەو ئیمزاو پەیمانی خۆتان بن، بەهۆی تووڕە بوونێکی سادە پەیمان شکێنی مەکەن و سوێندەکانتان بەنیازی ئەوە بێت فڕوفێڵ لەیەك بکەن ویەکتری بخەڵەتێنن، بەو بەهانەیەی فلانە گەل لەگەلی تر زۆر ترو بەهێزترە، جا خوای گەورە ئەم کارەی بەدزێوو ناپەسەند وەسف کردووە، دیارە خودا ئەیەوێت بەو پەیمانە تاقیتان بکاتەوەو بەراوردتان بکات ئایا کێ پەیمان ئەشکێنێ و کێش پەیمان ئەباتە سەروو پەیمان ناشکێنێ. (مجموعة الفتاوى: ٢٨/١١-١٥).

وصلى الله وسلم على نبينا محمد
وعلى آله وصحبه أجمعين.